# بگەڕێوە..دوو قسەم ماوە بۆ وتن

## پیاوێك بە چراوە دێتە بەردەم خەونە مەزنەكانی دوێنێم

((بۆ ڕۆژی زەماوەندی باوكم ))

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)



چەند گۆرانیەكت نابووە ژێر خەونێكی پڕ
چەند میتافۆری ڕژاوت لەنێو گۆمی خەیاڵێكدا سپاردە ماسییەكانی ڕۆح
سوێندێكت وەكو بارمتە لە لای تەنیایی بەجێهێشت
دەرگاكانت لێم ڕفاند و پەنجەرەكانیشت زویر كرد
هەتا لەنێو ئاپورەخانەی فەنادا
گریای بۆ گوڵە وەریوەكانی سەر شۆستەی عەدەم
ناسیمەوە.. ئەو سیما پڕ بەرائەتەتم ناسییەوە
كەلەقەراغ مێرگەكانی خۆشەویستی پڕ بوو لە هەناسە و ئومێد
چاوەكانت وەك دوو ئەستێرەی داچۆڕاو كەوتنە بەرپێی تەماشاكانی زیندەگی
لە پڕ چوویت و بێئەوەی دوا وتەم بژنەڤی
ون بوویت ....و ن ب و و ی ت...وووووووون
هەتاكو بوویت بە سیمبۆڵی سەرابێكی غەدرلێكراو
وەسیەتەكتم لە كن باران بینییەوە پڕ بوو لە حەز و ماچ و ژوان
لێوان لێو بوو لە ڕامان و لەتەماشا
چڕ وەكو زەردەخەنە كورتبینەكانی ڕەهێڵە
زانیم دەچیت لەتەك هەورا ژوورێك دەگرن لە ئاسمانە بەرزەكان و
ناسنامەكانی گۆشەگیری و تەنیایی تەزویر دەكەن
زانیم دەچیت بۆ ئیعتراف لەسەر تەمەنێك لە پووچی
زانیم ئیتر لەسەرەڕێی سووتانمدا دەوەستیت و

چاوەڕوانم دەکەی تا بێم و ببم بە پەیکەرێك لە گڕ و لە قسە .

*

بەر لە زار هەڵبڕینم بایەك بە بێدەنگی دێت و
چەند دڵۆپە ئاوێکی بە جێماوی هەورە کۆچەرەکانی پێیە و
دەیپرژێنێتە سەر دەموچاوی ڕۆئیاکانم
ڕۆئیاشم هەر بە بێدەنگی لە پاڵ وردبوونەوە هێورەکانم
دەیروانیە هەیبەتی پڕ لە جەلالەت و لە شکۆ
شکۆش بەدەم پیاسەی ئێوارە ئەرخەوانییەکانی غوربەتما
لەدەوری کێڵگە میهرەبانەکانی جوانیدا
سترانی بێ وشە و بێدەنگی دەسپاردە قولەی قافی دۆزەخ و
دۆزەخیش هەرچی دورگەکانی عەدەمە
لە نێو چەفیە گوڵ گوڵییەکەی یادەوەریم پێچایەوە و
دایە دەستی خەونە مەزنەکانی باخچەی بێباخچەییم
باخچەش بە تولە ڕێگاکانی سێبەری فەنتازیا هەڵدەزنا
تاکو بگات بە شیمانە بەفرینەکانی قوربانی.

*

پیاوێك بە چراوە دێت و
خوترەیەکی پڕ لە خەونی ئالاندۆتە دەموچاوی
لە کەلێن و قوژبنەکانی ونبووندا لە دووی جەستەی خۆی دەگەڕێت
پیاوێك تۆکمە ،هەر لە باوکی سەماکانی غەدرم دەچێت
پیاوێك بێدەنگ وەك هاوارە کپەکانی ئەم کەینونە بێخەتایە
پیاوێك تەسلیم بە شەهوەتە شەرابیەکانی شەوان دەبێت و
خەونە بێخەوشەکانی خۆی دەئاخنێتە نێو بەرکی خورە بە خۆفەکانی خلوسییەت
پیاوێك بە چراوە دێت و ئیماندارە بە شەراب و گوڵ و شیعر
پیاوێك ئیماندارە بە چوونە نێو پەردە پڕ لە ڕەنگە پەمەییەکانی پەنهانی
بۆ جووت بوون لەگەڵ گەردی گۆرانی گوماناوییەکانی گومڕایی
پیاوێك ئیماندار بە دوعاکانی خۆشەویستی و ئەڤین

پیاوێك موتوربه به ئارا بخا و به عەشق
پیاوێك چرایەكی پێیه و دێت كەلێن و قوژینەكانی مناڵیم دەپشكنێت
پیاوێك هەمیشه موسافیر به دورگەكانی عاتیفه و ئامۆژگاری
نەخشەی كەونێك له حەسرەت و له ناچاری گرتۆته دەست
دەچێت بۆنی گوڵه سەیر و غەریبەكانی بوون دەكات
من پەیكەرێك له هەناسەم لەبەردەم ئەم پیره پڕ له ویقارەدا و
تەمێكم چڕ له پەشیمانی ئاسمانی زەماوەندەكەی ئەم پیره
پیاوێك چرایەكی پێیه و منیش هێور هێور وەك پەروانه به دەوری ڕامانەكانیدا دەخولێمەوە و
هەر دەسوتێم تا دەبمەوە به چراكەی دەستی باوكم .

كۆتایی مانگی دووی ساڵی 2006
ڤانكۆڤەر/كەنەدا